چی بۆ ئەو و چی بۆ ئەم؟.. نەوزاد بەندی

فەکەی تایبەت بە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ ئەوەی خۆباتگێ و ماندوو نەناس، کۆنارى و کۆتریش بۆ ئەمەی پشمەرگەی سادە و ساکار و بۆ ناوونیشان .. کۆشک و تەلارى بەرزایی و سەر گرد و شاخەکان بۆ ئەوەی کاریزما و بیریارى مەکیاڤیلیزم، خانووى بۆ تاپۆ و زیادەوەی خوار و خێچی ناو چەم و دۆڵ و نشوەکانیش بۆ ئەمە.. گوند و شارى ئیتاڵیی و ئەمانیی و هەندیی بۆ ئەوە، گەڕەکی شەهیدان و کوژراوان و کەمئەندامانیش با بۆ ئەمە بێ.. لاندکرۆزەر و لەگزسی دوا مۆدێل و درع بۆ ئەوە، ئوتومبیلی دەعمکردوو، سوکان محەوەرى بۆ تابلۆ و علوجی ووەاتانیش بۆ ئەمە.. کوپەڵەی پۆ لیرەی زێ و زیوى ناو ڕەحمی خاک و مژوو بۆ ئەوە، کنگر و وشتراوک و چاوبازێ و کەرتەشیش بۆ ئەمە .. نەوت و گازى ژێر زەوى بۆ ئەوە، مینی چەنراو بۆ هەموو جۆرەکانییەوە بۆ ئەمە با قاچ و دەستمان بپڕێنن.. زانکۆی کامبردج و ئەمەریکی و ئەکسفەرد بۆ ئەوە، حوجرە و قوتابخانە داوخاوەکانی مەحوى و مەولاناخالیدیش بۆ ئەمە..کچە جوانە سەکسییەکانی ناوخۆ و ئێران و شام و ڕۆم بۆ ئەوە بۆ حەرامیی، کچە ناشیرینە نەخشە کەمئەندامەکانیش بۆ ئەمە بۆ حەڵاڵیی .. سەعاتە گرانبەهاکانی ڕۆلێکس و پاتیک فلیپ بۆ دیان ملیۆن دۆلار بۆ مەچەکی شۆشگۆ و ماندوونەناسی ئەوە، ئەمەیش بۆ گاز سەعات لە مەچەکی مناڕەکانمانا دروست ئەکەین و ئازییان ئەکەین و ئیانکەینە خاوەن سەعات، کە گۆڕەیش بووین سەعاتمان ناوێت، چونکە کرێکار سەعات لە دەست بکا پێ ئەبێ لە ئاو و عەرەق و لم و چیمەنتۆ و ئەزبەت و ئێشکەت.

بتۆ ویسکی و گرانتس بۆ دیان هەزار دۆلار بۆ سەرگەرمکردنی ئەوەی ماندووی کوردناسی ماندوو نەناس، ئەمەیش بۆ چای دیزلەمەی خەست سەرمان گەرم ئەکەین.. کەناڵی سەتەلایت بۆ سەدان بڕۆژی جوانکیلە بۆ ملیۆنەها دۆلاری خەرجیی مانگانەوە بۆ ئەوە و مناڕەکانتان، ئەمە تەڵەفزیۆن و ئاگیاندنمان ناوێت، چونکە بەجگە لە خوا بەوامان بۆ هیچ هەواڵ و کەناڵ و فۆ و فیشاڵەک نەماوە.. چاکەت و پانتۆ و بۆینباخی باندی ئیتاڵیی بۆ سەدان هەزار دۆلار بۆ قەد و باڵای ماندووی ئەوە، ئەمەیش لە بازاڕی لەنگەکۆ پانتۆڵەکی کاوبۆی کۆن بۆ دوو هەزار دیناری تەبعی بریمەر ئەکەین، کە ڕەنگە هی سەردەمی چاڕڵس بڕانسن بێ، عەیبی چییە ؟ ..ئەوە پڕاوی زیگنا و بگاتی و

کامڵ و کارتەر لە پەبکەن بە هەزاران دۆلار، قەیناکا ئەمە پاتەی ئەرانیی و چینیی بە چوار هەزار دیناری تابعی بریمەریی لە جادەی شەخڵا وکاک ئەحمەدی شێخ ئەکەین، قەیناکا با لەگڵ هەر هەنگاوەکا جاتەک لەبەدەن.. بە جۆرنی سەری ساڵ و جۆرنەکانی تر، ئەوەی سەرکردەی ماندوونەناس بە فڕۆکەی تایبەت، لەگڵ ماڵ و منادڵکانتاندا بفەرموون بە نەمسا و سویسرا و لەندەن و پاریس و دبلن ، ئەمەیش ئەو ڕۆژانە ناچین بە ئیش و تا نیوەڕۆ ئەخەوین و ئیسراحەت ئەفەرموویین، عەسرەکەیشی مەنجەڵەک یاپراخ ئەخەینە ناو چارەکەیەک و لەگڵ ماڵ و منادا ئەیبەین لە پارکی ئازادی و شانەدەر لە ژێر درەختەکی خەمگیندا، ئەیخەین .. ئەوە عەتری گرانبەهای وا بەدەن لە خەتان، کچە مەدەل و مەینە جوانەکانی چواردەورتان بخەنە سەر کەکڵەی موسارەعە حوڕەی ناو حەلەبی ژووری نوستنەکانتان، حەقی خەتانە دوای ئەو هەموو کورداێتییە، مەلەوانیی لە ئەستەکی لەش و لارە گشتنەکانا، خەمی ئەمەتان نەبە، چونکە عەتر و عەرەقی شین و مەری ناوچاومان ناگونجێن، پارەی عەترەکە ئەدەین بە نیقیا و ڤازالین بە دەست و قاچە شەقار شەقار بووەکانمان، تاکو ئازاری کزانەوە و برژاونەوەکانیان مات بن و بتوانین شەو بنووین تاکو سبحەینە زوو هەستین و بڕۆین بە ژوانی پاچ و خاکەناز و لم و چیمەنتەی پڕۆژە زەبەلاحەکانتان ..منادڵکانی ئەوە با لە قوتابخانەکانی ئەوروپا بخوێنن، بە ئەوەی هەم زمانە زیندووەکانی دنیا فێر بن و هەم فێری ئەتەکێت و هەڵس و کەوتی نەبەمان و مەدەرن بن، پاشان دێنەوە و ئەبنە سەرۆک و سەرکردە و شت بەدەست دوای ئەوەی کە خەواێ گەورە ڕۆحی گرانبەهاتان لە وەرئەگرێتەوە، بەڵام منادڵکانی ئەمە هەتا ئیعدادی لە مەکتەبە سارد و سە بە زستان و گەرم و گوە بە بەهار و هاوینەکانا ئەخوێنن، هەتا ئەوەی مەکتەب تەرک ئەکەن و لە هەژاریدا شت ئەبن یان بە قاچاخ بە خەیاڵی ژیانێکی جوان و شەرەفمەندانە، ووە دەکەنە ئەوروپا، لە ڕێگا بەشکیان لەناو دەریاکاندا ئەخنکێن و بەشکەی تریشیان لە زیندان و دارستان و کەمپە بە ڕەحمەکانی ئەوروپادا، کەووی چاوەوانیی و لەش تێیان ئەدات، قەیناکا، خە ئەمانە لە داهاتوودا نابنە سەرۆک و سەرکردەمان، بوون و نەبوونیان وەکو یەک وایە، وەک بڵێی تابە ئەستەغفیروڵڵا، بە هەڵە هاتبنە دنیاوە و غەڵەتی مەتبەعیی بووبن، ئەگینا توخوا مەعقولە کەسێک بتە ژیانەوە و هیچ ڕزق و ڕۆزی و دامەزراندن و هەڵی ژیان و کارکردنێکی نەبە؟
با ئەوەی ئازا.. ئەوەی دەبابە و فڕۆکە خەری بەعس و تەمارکەری داستان و ئەفسانەکانی شەڕی براکوژیی، ببنە خاوەنی دیان و سەدان و هەزاران مەڵ و بەنزینخانە و بازاڕ و تاوەری پەنجا شەست نهەمیی،

بە قەبارەی بەرزیی و بەندیی دێیان هەزار گەنجی شەهیدی وون و گەوون و بە سەر و شوێن، ئەمەیش بە خەمان دوای سەعات دووی نیوەڕۆ کە ئەو چوون بە ئابواردن، ڕەگا بە ئەمە دەدرێ عەرەبانەی سووز و میوە و نەعلفرەشتن بهێنێ گەڕێنەوە پانکانی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخەکا لە ماوەی دوو سەعاتدا، هەتا خەر ئاوا ئەبێ، ڕێپەڕاوین دوو سە هەزار دیناری تەبعی بریمەریی پەیدا بکەین، لەناو دەنگ دەنگو قاقا باغیی و شەڕ و شەڕجنەودا چونکە هەزاران کەس لە هەموو چین و توێژ فلیقاوکانی میللەتەوە ئەژنێ ئەو شوێنانەی کە دوو کیلەی بە هەزارکە یان سیانی بە دوو ..
مەڕ و کارگە و تاوەرکانی ئەوە لە باج بەخشراون، چونکە ئەوە سەرکردە و بەخشندە و نیشتمانپەروەریی دەرینن، بەڵام عەرەبانەکانی ئەمە لە فەرمانگەی باج و سەراندا، هەموویان ژمارە و دەسیەی تایبەتیان بە کراوە و ئەبە ساڵانە باج بدەین، ئە ناحەقیان نییە ئەمە کوا سەرکردە و ڕێکخەری شەڕ گەورەکانی ناوخە و براکوژیی بووین، هەتا بمانبەخشن ؟
بە ئەوە ئەسپی گرانبەها و مەیدانی ئەسپسواریی و کچێی مەیتەری ناسکەڵەی ئەکرانیی و ئەرانیی، بە ئاهەنانی مناڵچکەکانتان کە پەویستە ئەو سەرکردانەی داهاتوومان، فەری ئەسپسواریی و شاسواریی ببن، بە ئەوەی لە بەنە جیهانییەکاندا گەر بگەی ئەسپسواریان تەدا بێ، بە خەدا نەشکێنەوە و ئاوزنگی لەدەن و بیهێنێ جونبوش و چوار ناڵە، بەڵام ئەمە ئەسپ و مایین و چارەوەمان ناوە، زیادەسرەفییە و بەخی نیعمەتە، با خواگیان دەرگای ڕزق و ڕۆزیمان لە دانەخات .. دێیان و سەدان دەنم زەوی تایبەت و دوورە دەست، بە مەزاری مردووکانی ئەوە، لەناو باخ و گوە و گوڵزار و بینای بەرز و مەڵەمەڵەی شاهانەدا، با لاشەی پیرەز و ماندوو نەناس و پە خەبات و بەرخەدانتان، ئارام و حەواوە بە و دوای ئەو هەموو خانەویستییە، لەگەڵ پەریەکانی ڕەحمەتدا، بە قەید و شەرت و حەق و حیساب، بەرەو بەهەشت بەڕێن.. قەبرەکانی ئەمەیش بە یادکەوە یان لە نشوەکا، لە تەنیشت یەکدا، هەر یەکەی مەترێک زەمینی لار و وەر ، سەرمان ئەدا لە پەراسووی مردووێکی شەڕی ناخە و .. کەللەی ئاکردووێکی سوپای بەعس، ئەچەقە لە سەر شانمان، قاچمان ئەچە بە چاوی پارتیزانەکی ناوشاردا، کە لە کەلەڕ ئاشکرا بوو، پەش پەنجا ساڵ بە دەسەڕی گوللە شەهید کرا، هەمان کات نینەکی ژنەکی کوژراو ئەچە بە گوچکەمانا، کە پەش 45 ساڵ بە تاوانی ناندان بە پەشمەرگە، لە زیندانداا بە ئەشکەنجە گیانی سپارد، کەللە سەر ساوایەک کە لە سکی دایکیدا بەر دەسەڕ کوتبوو، ئەچەقێتە چەپرغەمان، کەشە نییە، هەر چەنە بە شوێنی خەمان ئەکەینەوە، خە ڕەحمان تیا نییە ئازار

بکەشین، خۆ پێویستمان بە موچە و دامەزراندن و تەرفیع و عەلاوە نەوت و غاز و برنج و ھتد و فینکەرەوە نییە، کەمێک ئەسک و ماسولکە و پست و نینۆکی بگیانین، بەڵێ بەکتریا و مەرووی خاک ئەمانخەن و ئەبەینەوە، قیچکا با لە نیو مەترا بە لاو نیو لەی ھاکشین، بەدانیشتنانەوە، یان بە پێوە، لە گەڵی بە کەمێدا، یان بە ھەر جۆرێک بێ، ئەمە وەک ئەوە زۆر کەمان بۆ دنیا بە شەرەفەوە ھەڵنەگرتووە، ئەویش لەبەر ئەوەیە بگەنی لاشەمان، ھاوشارییەکان بەزار نەکەن ئەگینا پێویستی بۆ زەحمەتە نەدەکرد و ھەروەک پاکەتکی بەتاڵی پیتزا، فڕێتان دایناینە ناو زبڵدانکانەوە، خۆ ئازارمان پێ ناگات، ئەمە کە ھەموو تەمەنمان ئازار و زوڵم و ئێشکەنجە و بەبەشکردن و زیندان و دەرکردن و دوورخستنەوە و بێدارییە و بێزارییە و نادادییە بوو .. ئەمەی تاوانبار بە تاوانی ئەوەی کە لە خاکێکا لە دایک بووین، ھەمووی بەش کرا بوو، ھەمووی لوشکرابوو.. تەبە، ئەستەغفیروڵا، تە بڵێی خوای گەورە ملیۆنان کوردی بە بە ڕزق و ڕۆزی و کار و موچە و داھاتوو دروستکردبێ؟

ئەوەی ماندوونەناس و سەرکردە و شەھیدی زیندوو، مافی خەتانە بڵێن بە تیاترخانە و قومارخانەکانی مۆنتیکارلۆ و لاس فیگاس و ھتد، بە ملیۆنان دۆلار بدڕێنن بە دیار سەمای شاکیرا و سەماکارە جیھانییەکانەوە، مافی شەرعیی و شەشگڕێیی خەتانە، ئەوە کە لاویتان لە ئەوروپا و شام و شیراز بە نیشتمان بە ھەدەر دا، ئەمەیش لە چایخانەی کرێکاران و قەرداران و پێنەدەزان و مچکە و شەعب و کەوفرەشان، تاوەڵ و ئەزنیف ئەکەین بە دیار مەقامێکی تەزڵێنیشتوی عەلی مەردانەوە ..

مافی خەتانە خاک و ئاوی ووڵات پاوان بکەن و .. مناڵکانتان ببنە خاوەن کەمپانیای گەیاندن و وەستاندن و کڵ و پڵ و کارەبا و گومرک و ئینتەرنێت و ھەموو بازرگانییەکانی تر و ببنە ملیاردەر، بڵێام ئەمە نانی ئەو ھەژمارە ھەبێ، بەسە، ئەگەر نەیشبێ ھەر شایەنمانە، چونکە ئەمە کوا سەرکردە و ئەندازیاری شڵ و ئاشوب و دووبەرەکیی و حیزبخیزبێنە و باببێنە بووین ؟ دنیا پێنج و دوو ھەژدەکە، ملیاردەر بیت یان قەردار، کە ئەجڵەت ھات ئەتدەن لە دار.

مافی خەتانە درەکردن و پەیمانی ھەوایی و فرمێسکی تیمساحیی.. مافی خەتانە پاشکەوتکردنی موچەی فەرمانبەران و وەستاندنی دامەزراندنی گەنجان و ..ھاگرتنی پلە بەندی دامەزراوان و .. گرانکردنی نەوت و غاز و بەنزین و کارەبا و ئاو، ئە ئەوە خەتان سەرەکی کوێی سەرەکی کوڕەزای سەرەکن و خەتان باش ئەزانن ئەم میللەتە سپڵە پێنەزانە بەرە پیاوە حەسودە چاوپیسە، چەن دەرمان ئەکرێ.. ئەوە شارەزان لە

چارەسەرکردنی دەرد بێ دەرد ..لێ شکاندنی بەرد بە بەرد .. لێ
ڕواندنەوەی خەم بێ خەم .. لێ نەهێشتنی کێشە بێ کێشە ..لێ
دورینەوەی بریندار بێ زام .. ئەوە خەتای ئێندازیاری هەموو
نەهامەتییەکن، سوورەی بەر لەشکری هەموو گیروگرفتکن .. ئەو نەبێ
کێ هەیە بتوانێ ڕێی برسێتیی و سواڵکردن بدات بە دەوڵەمەندترین
میللەت ؟ ئەوە یەکەم داهێنەرن لە بەواری پێندانی موچێ بێ
فەرمانبەرانی دەوڵەت .. ئەوە لە حاتەمی تەی، نانبەدەتر و
سەخیتبیعەتترن، کاتێ نەوتی پێنجا ساڵ بێ قەرزی چل ملیار دۆلار
ئەگێڕنەوە .. ئەوە گەورەترین دەرهێنەری فیلمی ترسناکن، کاتێ
میللەتکی شاهانە، ئەکەن بە میللەتی سواڵکردن و عەرەبانێ ..کاتێ
ڕێگەکێ دەکەن لە نەوان دز و پۆلیس .. سەربەرز و بە شەرەف ..
زانا و گەمژە .. تاوانبار و دادوەردا ..
ئەمە ئەو شتانە چوزانین؟ ئەمەی کە تەبێ ئەستەغفیروڵا لەو ئەچێ
بە هەڵە لە دنیادا ناونوس کرابین .

نەوزاد بەندی